*ئەی تۆپەکە فوتبۆڵەکە من دێم لەدەستم ڕامەکە*

پێشەکی دەوڵەتیکی سەربەخۆی بێ ئایین و بێ نەتەوەپەرستی ویەکسانی هەموو تاکێکی کۆمەڵ ئاوات وهیوای هەموو مرۆڤێکی سەرگۆی ئەم زەویە،وەبۆ ئیمەی کورد هەروەها کوردستانێکی بەو پێناسەی سەرەوە ئاوات وهیوامانە.
کاتێک ئەنتەرڤیوەکەی خەسرەوسایەم بەرچاوکەوت لەسایتی بۆپێشەوە لەگەڵ ئەمجەدغەفور سازی دابو وە خوێندمەوە،لام ڕۆشن بوو کەکاتی خۆیەتی حککع پێناسەی خۆی(کۆمۆنیست) بەرەوئۆرگانێکی تر بگۆرێتکەلەوەدەچێت ناوی "کەمپینی ڕیفراندۆم بۆسەربەخۆی کوردستان"لێ نابرێت،هەرچەند لەوەڵامەکەی ئەمجەد غەفور دا واهاتوە کەئەم پێکهاتەیە جیایە لەحککع.
هەروەک چۆن دەڵێن بیانوی....... نانی جۆیە،ئەم پێک هاتە نوێ یە تەواو وەڕێک جوتە لەگەڵ ئەوپێکهاتە چینایەتیەی کە ڕابەرانی حککع ی لێ پێک هاتوە،بۆ ئەمرۆ کاتی خۆیەتی ئەو کۆتو تەوقە لەخۆتانبکەنەوە کەدەرگیری بون(کۆمۆنیستی) وەخۆشحاڵم کەئەم جارە ڕاستن لەگەڵ خۆتان وەدواتر لەگەڵ خەلک وەوەک کاربەدەستێک بۆگوزەران وژیانی داهاتوتان بەردەوامی بە ژیانی خۆتان بدەن.
خودی ئەم جۆرەو شیوە ئەنتەرڤیوانە هەر بەو ئەنتەرڤیوانە دەچێت کەڕۆژانە لەگەڵ لێپرسراوان لە کوردسات و کورستان تیڤی و کەناڵەکانی تری میدیاوە پەخش دەکرێن،بەهەرحاڵ بەسەرەش بێت  نۆرەتانە کە کوردستان ڕزگاربکەن.

سامان سوران
سولەیمانی
٢٠٠٥-١-١٦